# خودا پزیشکە، تۆ پیاوێکی نەرمونیانی، پزیشکی ئەو زاتەیە کە خوڵقاندوویەتی

لە ئەبی ڕەمسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەو شتەم پێ نیشان بدە لە پشتت، چونکە من پزیشکم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خودا پزیشکە، تۆ پیاوێکی نەرمونیانی، پزیشکی ئەو زاتەیە کە خوڵقاندوویەتی (دروستی کردووە)».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەبی ڕەمسە -ڕەزای خوای لێبێت- پزیشک بوو، مۆری پێغەمبەرایەتی بینی دەرکەوتبوو لە نێوان شانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، پێی وابوو پارچەیەکە بەهۆی ماددەکانی ناو پێستەوە دروستبووە یان نەخۆشییەکی پێستیە، بۆیە داوای لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد بۆئەوەی چارەسەری بکات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە: (خودا پزیشکە): چونکە ئەو لە ڕاستی وهەقیقەتدا چارەسەری نەخۆشەکان دەکات وشیفایان بۆ دەنێرێت، پێی فەرموو: (تۆ پیاوێکی نەرمونیانی): واتا نەرمونیانیت بەرامبەر نەخۆشەکان وئامرازەکان -هۆکارەکان- بەکاردێنیت بۆئەوەی نەخۆشەکە چارەسەر وەربگرێت، لە ڕاستیدا ئەو کەسە پزیشکە کە هەموو زانستێکی هەبێت سەبارەت بە نەخۆشیەکە وچارەسەکەی، وتوانای هەیە شیفا ببەخشێت، وئەویش تەنها خوای گەورەیە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8303

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee